**وەزارتی تەندروستی**

**ژمارە: ١٦٨٤٠ لە ٢٠٢٢/١٠/١٦**

پاڵپشــت بە مــاددەی (حەوتەم) لە یاســای وەزارەتــی تەندروســتی ژمــارە (١٥)ی ســاڵی ٢٠٠٧ ئەم ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ڕێنماییەکانی ئەمبولانسی تایبەت بە گواستنەوەی نەخۆش**

**مادده (١): لە ڕووی دەرەوە :**

١- ڕەنگی سپی بێت و دوو خەتی پانی تێدابێت کە پێك هاتبێ لە رەنگی ( نیلی ٢٠سم و سور ٥ سم ).

٢- مۆدیلی بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ بێت.

٣- لەسەر ئەمبولانسەکە (فرارە) بەڕەنگی شین و(٢) دوو دانە لیدی (شین) لەپشتەوەی ئەمبولانسەکە بێت.

٤- دانانی لایت لەسەر دەرگای پشتەوەی لە دیوی ژوورەوە لەکاتی کردنەوەی دەرگا بۆ رووناك کردنەوە.

٥- نووسینی ( ووشـەی ئەمبولانسـی تـایبەت و نـاوی کۆمپانیـا و ژمـارەی مۆبایـل ) لە هەردوو ڕووی ئەمبولانسەکە بنووسرێت.

٦- نووسینی ئەمبولانس بەزمانی کوردی و عەرەبی بە ڕەنگی سوور بێت تەنها نـاوی ئەمبـولانس بە ئینگلیزی بێت و دانانی هێمای مانگ بەرەنگی سوور لەسەر هەر چوار لای ئەمبولانسەکە بێت.

**مادده (٢): لە ڕووی ناوەوە:**

١- دوو دەرگای هەبێت یەك لە تەنیشت ویەك لە پشتەوەی ئەمبولانسەکە.

٢- دۆلابی ناو کابینەکە لە دار دروست کرابێت وە جامەکانی پلاستیك بێت.

٣- بەشی شوفێر لەگەڵ بەشی نەخۆش جیاکرابێتەوە تەنها شوێنی پەنجەرەیەك هەبێت.

٤- ساحیبەی تێدابێت.

٥- تبرید مرکزی بێت.

٦- زەویەکەی رووکەش کرابێت بە(ئیپۆکسی).

٧- رووناك کردنەوەی بەهێزی لە ناو کابینەکەدا بێت.

٨- لایتی (جولێنەر ) تێدا بێت.

٩- ستاند ( بۆ هەڵواسینی مغذی لەسقفی ئەمبولانس و تەنیشتی نەخۆش هەبێت ).

١٠- کورسی کارمەندی تەندروستی لە پشت سەری نەخۆش هەبێت.

١١- کورسی هاوەلی نەخۆش تێدابێت.

١٢- ئامێری پاڵەپەستۆی خوێنی هەڵواسراو و سماعەی طبی تێدا بێت.

١٣- ئامێری (MONITOR - SACTION -AED )تێدا بێت.

١٤- ئۆکسجینی مرکزی بێت بە (٢) بطل وە (١) بطل ئۆکسجینی PORTABLE تێدا بێت.





١٥- .نەقـالەی نەخـۆش- FIELD STRETCHER (TROLLY – SPINAL BORD - SCOOP STRETCHER ) تێدا بێت.

١٦- جەنتای فریاکەوتنی پێشکەوتوو تێدا بێت لەگەڵ سیتی لاینگۆسکۆپ.

**مادده (٣): کەل وپەلی تایبەتی بەئۆتۆمۆبیلەکە:**

(تایەی سپێر - چەکوچ - جەگ - ماتۆری هەوا – ئاگرکوژێنەوە – ویل ئسپانە).

**مادده (٤):**

ئەم ڕێنماییە کاری پێدەکرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان).

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

---

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٧٦٩٩ لە ٢٠٢٢/١٠/٢٠**

پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی (١٨) لە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ تایبەت بە یاسای ماف وئیمتیازاتی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ، هەموارکراو ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**هەموارکردنی سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٢ تایبەت بە ماف وئیمتیازاتی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت وکورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١)**

هەموارکردنەوەی خاڵی (هـ) / بڕگەی سێیەم لە ماددەی (یەکەم )ی ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٢ :

گۆڕینی دەستەواژەی (مەنغۆل) بە دەستەواژەی (کۆنیشانی داوون) (متلازمة داون) (Down Syndrom)

**ماددەی (٢)**

ئەم ڕێنماییە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی **(وقایعی کوردستان)** جێبەجێ دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**